سه رۆکی ده سته ی ئیعتیاز : هاشم حسن
ئه ندامانی ده سته ی ئیعتیاز
صالح حیدری     فائق جمیل
مجید رشید جباری     عبدالاله موسی
محمد امین محمد



# عیراق
IRAQ


پاشکوی رۆژنامه ی عیراقه به زمانی کوردی ده رده چیت

سه رنووسه ر
صالح حیدری

ژماره (۲۹) ئابی ۱۹۷۹
No , 29 AUGUST 1979


شعرای ... کرد، آن نغمه، توانا تمام خود گرد ... دوران صد سال. دیگر به زبان کردی ترجمه شده است
درصفحه ۷





نرخی ٢٥ فلسه

# چەندپارچە شیعری هەڵبژاردەی «ژاڵە»

## ئـــەی پاپۆڕی شینی چراخانی !

محمدی مەلا کریم
لە فارسییەوە کردوویە بە کوردی

ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !
لە دەریای دووره دەستی نیوەشەودا ،
تۆ بەرەو کوێ ڕێت گرتووەتەبەر ؟

★ ★ ★

چەند هەزار ساڵی پڕ بوڵخاخە
لەسەر تاوێرە سەرگەردانەکانی لێوار
وەستاوم ، چاوەڕوانی تۆم .
چەند هەزار ساڵیتریش لێرەدا
چاو چاوەڕێی ڕێی تۆ ئەبم ،
ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !

★ ★ ★

ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !
ئاخۆ تۆ خەڵکی بەهارستانی ،
یان فرستادەی پڕ ئاوازی دۆستانی ،
یان ئەستێرەیەکی کشاوی ڕژاویتە سەر ئاو ،
یان ئەو بەهەشتە ونەی لە خەودا ئەیبینرێ ،
یان ڕازێکی نهێنیت لەگەڵ من هەیە ؟
نزیك بەرەوە .. قسە بکە ، من پەرێشانم !.

★ ★ ★

ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !
بۆ چاوەڕوانیی تاویکی دیدارت ،
ئەگریم ، ئەگەر بتەوێ بگریم .
پێ‌ئەکەنم ، ئەگەر بتەوێ پێ‌بکەنم .
ئەوەنە ئیانم دەبەر سۆز گڕی تێ بەرئەبێ .

★ ★ ★

ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !
جێم‌مەهێڵە . بێ تۆ پەژارە دامئەگرێ
بێ تۆ تەنیاترین کەسی ڕووی زەویم
لەگەڵ ئەم دڵە پڕ لە ئاگرو تۆڵانەشدا ،
ئەگەر تۆم ئەبێ بێ شادمانترین کەسم
ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !

---

کە بوونە بە پەیام هەڵگری سەرکەوتن‌و هیوا

★ ★ ★

شادبوون هونەره
ئەگەر دڵی‌تر بە شادیی تۆ شاد بێ .
ژیان تاقانە مەیدانی هونەرمەندیی ئێمەیە
هەرکەس بەستەی خۆی تیا ئەڵێ‌و جێی‌دێڵێ
بەڵام مەیدان هەر لە جێی خۆیدایەتی .
سا خۆزگە بەو بەستەی
خەڵك لە یادی خۆیاندا ڕای ئەگرن ..

## هـــەر توانا خواستی خۆی لە گەردوون ئەستێنێ

دڵێکم ئەوێ لە بەرد بێ ،
تا لەگەڵ دژواریی گەردوون بجەنگێم
دڵێکی ئاوریشمینم ناوێ
جیهانی بێ‌خەمم ناوێ
نامەوێ دڵم بە ساویلکەیی
وەك منداڵ بگری یا پێ‌بکەنێ
کە ( گوڵ‌ئەستێره )یەکی دی بڵێ
ئەمەی بە شەو ئەگرێ چرایەو ،
بە تیشکی درۆزنەی ئەو شاد بێ .

★ ★ ★

دڵێکی ئاگام ئەوێ
دڵێکی ئازادو بایی‌بووم ئەوێ
گەشتی هەموو جیهان بگرێتە ژێر پەرو باڵی خۆی
دڵێ کە ئەم ڕاستی‌یە بگا :
کەوا هەر توانا خواستی خۆی لە گەردوون ئەستێنێ‌و ،
بێ‌دەسەڵاتیش چەرخی زەمانە ئەیفلیقێنێتەوە ..

## ســـەد ســاڵی‌تر

سەد ساڵی‌تر هەروا خۆری پڕشنگ زێڕ
هەموو سبەینانێ زەوی ئەکا ڕوون
سەد ساڵی‌تر تاوێری ساردی نارام
هەر لە جێی خۆی هیچ نابزوێ لە گوێ ئاو

★ ★ ★

سەد ساڵی‌تر دیسان وەرزی بەهاران

ئەگەر تۆم نەدەدی بێ شادمانترین کەسم
ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !
ئەی پاپۆڕی شینی چراخانی !

## ئـەو ئـاوازە

جارێکی گەش ئەپشکوێ لادەی ڕەنگینی ئاوات
خونچەی سووری نەکراوەی دڵ دەمدەداتەوە
من ئاڵیم بەهاری بەسەرچوو ئەگەڕێتەوە
ڕۆژگاری ڕابوردوو سەرلەنوێ دێتەوە
ڕۆژگاری تر هەیەو ، بەهاری تر هەیە

★ ★ ★

شادبوون هونەرە
شادکردن هونەرێکی بەرزترە ٠
بەلام هەرگیز پەسەندی ناکەین بۆ خۆمان
وەك شتۆکەیەکی بێگیان
شەوو ڕۆژ ، بێئاگا لە خەڵك پێبکەنین
بێخەمی ، شوورەیییەکی زلە
دوور بێ لێمان !

★ ★ ★

خۆزگە ئاوێنەیەکی دەروونبین بوایە
خۆمانمان تیا بدیایە
ئەوەی لە ئاوێنەکانیترا نابینری ، ئەماندی
لەو هێزە نیازپاکە بەئاگا ئەبووین
کە فێری ژیانو ئەمریمان ئەکا

★ ★ ★

سەد ساڵیتر نیسان وەرزی بەهاران
لەناو باخو لە سەحرا گوڵ ئەپشکوێ
هەروەك عیشقی ئازادی دەستەی لاوان

★ ★ ★

سەد ساڵیتر ،
ئەوانەیە زیندانێ
نەبێ کەسێکی تیابێ
مرۆڤ کەوا ئێستا چووەتە ناو مانگ
لەوانەیە بە شا ڕێگەی ئاکێشانا بێو بچێ
لەگەڵ پری یەك دنیا هیوای نوێدا ٠٠

★ ★ ★

سەد ساڵیتر من نیشانەم نەماوە
هیچ هەواڵی خەمو خۆشی نازانم ٠٠

★ ★ ★

سەد ساڵیتر لە چاو تروکانێکدا
سەدان منالی نوێ دێنە دنیاوە
بێشکەی ئەوانە ماچ ئەکەم من لە دوور
لەم دنیادا چاتر نییە لەو ماچە ٠٠٠(*)

---

(*) ئەم چوار پارچە شیعرە لە تازەترین کۆمەڵە شیعری ( ژالە )ی ژنـــە شاعیری ئێرانی هەڵبژێرراوە کە ناوی ( کشتی کبود = پاپۆڕی شین )ەو ساڵی ڕابوردوو لەلایەن دەزگای کتێب بلاوکردنەوەی ( عیرفان )ەوە لــە شـاری ( دووشەنبە ) لە تاجیکستانی شوورەوی بلاوکراوەتەوە ٠

# خۆشم ئەوێ

«ع٠پ»

### بێ تـــۆ

بێ تۆ ـ
نوختەیەکم ،
چەرخە دەدەم ، لەناو جوغزێکی مەزندا ٠
لەگەڵ تودا ـ
جوغزی دنیا
دەبێتە ئەنگوستیلەیەك ،
لە پەنجەی شیعرێکی مندا !

١٩٧٩_٣_١٠

### تیووریای ئەڤـین

کە من تەنیا جارێك بژیم ـ
هەم تۆم خۆشدەوێو ، هەم ئەویش ٠
کە من تەنیا جارێك بژیم ـ
نە تیشکی ڕۆژ دەتۆرێنم ،
نە تریفەی مانگەشەویش

★ ★ ★

ئەگەر دوو کەرەت ژیابام ـ
خۆشەویستم ، هەر تۆ دەبووی لە مەیانا ،
لەویترا ،
« ئەو »م دەکرد بە تاقانە !
بەلام ، کە من جارێك بژیم ،
چارەم نییە ـ
هەم تۆم خۆشبوێو ، هەم ئەویش ٠
هەم تیشکی ڕۆژ بپەرستم ٠
هەم تریفەی مانگەشەویش !

١٩٧٩_٣_١٦